# دوا سەفەری ژۆبین

ئەحمەد عەلی
ahmadali525@hotmail.com



مەنسور حیکمەت لە ئامێزی هاوڕێکانیا

لەحزە بە لەحزە ....
وەختێ مەرگ ..... ماڵ بە ماڵ ،کوچە بە کوچە ،،
هەر لەو گەڕەکانەوەی پێش مەغریب خۆری تیا ئاوا ئەبێ، تا خیابانە دڵتەنگەکان
هەر لە منالآنی بێناز و ڕوتەڵە و ڕەش داگەڕاو،تا کچانی دڵپڕ و چاوەڕوان ،،
هەر لە کرێکارانی دڵ پڕتەمە ننا ،تا بێکارانی سەر شۆستەی تەقەلای کار،،
هەر لە لاوانی گیرۆدەی وەحشەتی ئەم دونیای ورد و خاش بونەوە تا ژنانی وە
گیانهاتوی دەستی میحنەت،دەیپرسیو سۆراخی ژوبینی دەکرد ،،

مەسافەی نێوان هەناسەکانی گیا ، کورتتر دەبووەوە لە مەودای نێوان ژوبین و
دڵی من ،شەپۆل فریای کەنار نەدەکەوت و نەسیم لە سەفەری سەحرایەکی
سوتاوەوە دەگەڕایەوە .......
،بـــاران لە حەیبەتــا دڵی گڕگرتوی حوزەیرانی فێنک دەکردەوە و
میلی چاوەڕوانی خەریک بوو سنگی زەمەنی دائەدڕی ....

لەو لاشەوە تفەنــگ و سێدارە و قەمچـــی ،بێکاری وشـەڕو برسێتی هە ناسەی ڕاحەتییان هەڵئەکێشا ،ئـــــا لەو کاتەدا ، عالەمێک چاویان لە ماڵئـاوایی کەسێـک

بڕیبوو هێشتا زوو بوو بۆ سەفەری،ڕێبواریێ نامەیەکی بۆهێنابویـن پڕ بوو لە نەغمە وجریوەی ئەو پاساریانەی بانگیان ئەکردین بۆ باخچەیەک لە خەونەکانی

ئایند ە ، ڕێبواریێ بە زمانێک قسەی ئەکــرد ،حەرفـەکانی گیانـیان لە جەنـگی ڕەنگەکان و تیرەکان وخواکاندا رزگار ببوو،ئەو ئاوێنەیەکی بە دەستەوە بوو پێی

دەوتین وەرن ،وەرن لێرەیا لە خۆتان بڕوانن ،دەیگوت ڕەنگی ئێـوە دەچێـتەوە سەر کائینێک ،دەچێتەوە سەر موسافیرێک لە سۆراخی مانا یـەکایـە بۆ ژیــان و تەمەن تەسلیمی ئەم سکوت و فەنـــا بونە ناکات،ئەو دەیپرسـی بەرمـاڵەکانـی باوکمان شوێنێکی بە پاکی نەمایەوە خوێنی ئەم برینەی پێ بسڕین،خۆمان دەینە دەستی قەدەر یان چاوەڕێی فەسڵەکانی زەمەن بکەین؟؟
ئەو دڵۆپێ لەو خوێنە بوو
لە برینەکانمان ئەچۆڕا، ئەو...... تنۆکێک عارەقی تەوێڵ و ناڵەیەک لە ژانـــی شەقارەکانی نێولەپی دەسمان بوو، ئەو پێش ئەوە ی
تەتەریێ نامەی مەرگی بۆ بهێنێ،نەخشەیەکی بۆ کێشاین و ڕێگایەکی نیشانماندا بۆئایندە، ئەو.. درەنگ هاتو لە نێو خەونەکانی خۆیا، ئێمەی بەتنۆکی پەرێشانی باران بەخشی بۆ زەمینێکی چاوەڕوان ،
ژوبین... فرمێسکی نێو گلێنەی منالانی بێ نەوا، ژوبین.... ڕۆحی خرۆشاوی شەقامەکانی تاران،ژوبین خوێنی جماوی ناو سرودەکانی ئەبەدوسەدای ئومێدو زیندەگی.... وەختێ ڕێگەی سبەینێ خاڵی بوو لە نیگا وهەنگاوو هەناسەسواری، تۆ گیانت بە ڕێبوارانی بەخشی ،تۆ لە چی سەردەمێکدا هاوارت کریستاڵی ئەو خاۆشیەی وردوخاشکردولەچی زەمەنێکیشدا سەفەرت ئەم هاوارە خامۆش ئەکا، وەلێ دەنگت دەلیلی کاروانێکە بەرەو سبەینێ کەوتۆتە ڕێ.